# ئازادی لە(زاخۆ)دا لەسایەی ئیدارەی هەولێرو عیراقی (بریمەر)دا

فاضل قەرەداغی

وەکو تەعلیقێك لەسەر هەواڵەکەی هەفتەنامەی هاوڵاتی (ژمارە ١٦٧ لە ٢٠٠٤/٣/٣١ لاپەرە ١) کە ئاسایشی زاخۆ رێگە نادات بارەگای یەکگرتوو بکرێتەوە دەڵێم:

ئیدارەی هەولێر هەروەکو جاران رەفتار دەکات هەرچەندە بینیمان پاش هەرەسی رژێمی صەددام و پاش ئەوەی ئەمەریکا چەککردنی میلیشیاکانی دەستپێکرد حزبی فەرمانرەوا دەستی کرد بە تەوازوع نواندن کە وابزانم ئەو کاتە تەوازوعێکی راستەقینە بوو کە بارودۆخەکە پاڵی پێوەنابوو بیکات. بەڵام پاش ئەوەی فەللوجە رەصیدی دەسەڵاتی کوردی بەرزکردەوە (ئەم باباتە بخوێنەرەوە: فەللوجە شەرعیەت بەخشی دەسەڵاتی کوردییە) دیارە دیسان نەخۆشییەکە سەری هەڵدایەوە.

لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا چالاکی حزبەکانو بەتایبەت ئیسلامییەکان بەخۆشی نەدەرۆیشت، ئێستاش دەبینین کاتێك حزبەکانو رێکخراوەکان ئامادەی کردنەوەی بارەگای یەکگرتوو لە(زاخۆ)دان ئاسایش هەڵدەکوتێتە سەر بارەگاکەو رێگە نادات بارەگاکە بکرێتەوە. پێشتریشو تا ئێستا رێگەی بەردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنیی یەکگرتوو لەوێدا نادرێت. سەیریشە یەکگرتوو لەناو ئەنجومەنی حوکمدایەو کەسی یەکەمی نوێنەرایەتی حزبەکەی دەکاتو حزبەکەش رێپێدراوە تەنانەت وەزیریشی هەبوو لەحکومەتی پارتیو ئێستاش وەزیرکە ماوە کەچی ئاوا رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت، باشە دەسەڵاتو حزبی فەرمانڕەوا پاش ئەوە دەبێت حساب بۆچی بکات؟

بۆ کەسێك لەمە تێنەگات با ئەمانەی بۆ روون بکەینەوە:

دیکتاتۆرییەتو هەستی براگەورەیی لەعەقڵییەتی سیاسیی کوردیدا، بە ئیسلامییەکانیشەوە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت، رەگی داکوتیوە، یەکگرتووش چالاکییەکی زۆری هەبوو لەبادینان، ئەو بادینانەی پارتی بە زەویی تایبەتی خۆی دەزانێت بۆیە زۆر بەو چالاکییە قەڵس بوو. ئیسلامییەکانو بەتایبەتی یەکگرتوو رۆژانێکی سەختیان لەبادیناندا بینیبوو.

ئەم شتانە بۆ من هیچی سەیریان تێدا نییە چونکە هەرگیز بەلافی دیموکراسخوازیو ئازادی لەکوردستانداو لەدەرەوەی کوردستاندا باوەرم نەکردووە، دیموکراسی ئەوەیە کەخاوەنی دەسەڵات چۆن بتوانێت دەسەڵاتەکەی خۆی، بەخۆشی بێت یان ناخۆشی، بهێڵێتەوە.